# برا له پشت برا بی مه‌گه‌ر قه‌زالای خوابی

**ئه‌حمه‌د ده‌شتی**

کورد كه هه‌میشه پێویستی به یركگرتن هه‌بووه و یه‌ككگرتن كه‌گه‌وره‌ترین و به هێز ترین هۆكاری سه‌ركه‌وتنی میلله‌تان و تێك شكاندنی نیازه گلاوه‌كانی داگیركه‌رانه‌و سه‌ركه‌وتنی هه‌موو بزوتنه‌وه‌یه‌كی ئازادیخوازی گه‌لانه ، به‌لام ده‌بێ زۆر به داخه‌وه ئه‌وه بلێم كه ئێمه‌ی كورد لێی بێ به‌شین: هه‌ر له‌و رۆژه‌وه‌ش كه هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی له كوردستان داجولاوه‌و هاتۆته كایه‌وه و گه‌لی كورد وه‌كو میلله‌تێك خوێ ناسیوه ، ئه‌گه‌ر بهاتبایه یه‌كترمان بگرتبایه‌و له پال هه‌ستی پاكی نیشتمان په‌رستی وكوردایه‌تی راسته‌قینه‌وه به دل و به گیان هه‌ولی سه‌ركه‌وتنی ئه‌م گیانه پیرۆزه‌مان بدابایه ئه‌وا ئێمه‌ی كوردیش له مێژ بوو كه سه‌ر به‌خۆ و خاوه‌نی كوردو كوردستانی خۆمان ده‌بووین و كوردیش ده‌بوو به‌خاوه‌ن قه‌واره‌یه‌كی میللی و كوردستانی ئێمه‌ش وه‌ك ته‌واوی میلله‌تانی سه‌ر رووی ئه‌م زه‌مینه رزگارو سه‌ر به‌خۆ ده‌مایه‌وه‌و ئاوا له‌ت له‌ت و پارچه پارچه نه‌ده‌كراو به‌م شێوه‌یه‌ی كه له دیرۆكی كوردو كوردستان دیومانه‌و به سه‌رمان دا سه‌پاوه نه‌مان ده‌بینی و ئێستا ئێمه‌ش بۆ خۆمان خاوه‌ن وه‌لات و كوردستانێكی ئازادو سه‌ربه‌خۆ و پێشكه‌وتوو ده‌بووین و گه‌لی كوردیش وه‌كو ته‌واوی جیهانیان نیشتمانی خۆی به‌ره‌و پێشه‌وه ده‌بردو ئالای به‌رزی كوردستان له ناو جیهان دا له ته‌ك ئالای هه‌موو میلله‌تان له كۆشكی نه‌ته‌وه یه‌ككگرتوه‌كان دا ده‌شه‌كایه‌وه ، به‌لام داخی گرانم كه گه‌لی له ئێمه‌ی كورد هه‌میشه هه‌ستی ناته‌بایی و دووری له یه‌ك و دژایه‌تی یه‌كتر كردنی بیرو باوه‌ر بووه‌و تا رێگه‌ی ناته‌بایی و یه‌ك نه‌گرتن هه‌بێت روو له یه‌كێتی و ته‌بایی ناكه‌ن، جا چه به دزی یاخود به ئاشكرا .

ئه‌گه‌ر ئاورێك له دیرۆكی ژان و كاره‌ساته‌كانمان بده‌ینه‌وه‌و ده‌بینی خۆمان وه‌كو كورد هۆكارێكی گرنگ بووینه كه هه‌میشه خزمه‌تمان به داگیركه‌ران و نه‌یارانی خۆمان كردووه‌وئێستاش خزمه‌تیان پێ ده‌كه‌ین و ده‌ستی داگیركه‌رانمان كێشاوه‌ته ناو خاك و لانه‌كه‌ی خۆمان و له هه‌موو شتێكی تایبه‌ت و ژیانی خۆمان دژ به یه‌كتری ئاگادار كردوون و داگیركه‌رمان به گه‌وره‌تر له خۆمان زانیوه‌و ئه‌وه‌ی كه بۆ ئه‌وانمان كردووه‌و ده‌یكه‌ین هه‌رگیز ئاماده نین كه بۆ یه‌كتری بكه‌ین و ئه‌و كرنوشه‌ی كه بۆ ئه‌وانی ده‌به‌ین قه‌ت و قه‌ت بۆ خۆیی نابه‌ین، ئه‌م كرده‌وه‌و رامانه كه‌سیفه‌ی كه پیشه‌ی گه‌لێ له كوردانی نه‌زان و رێ لێ شێواو و خه‌راپكارانه‌و له به‌ر دژایه‌تی یه‌كتر كردنمان هه‌رچی كه هه‌مان بێ به‌و دوژمنه درندانه‌ی ده‌سپێرین بۆ ئه‌وان به باشی ده‌زانین بۆ خودی خۆمان به گوناهی ده‌زانین و رێگه ناده‌ن به‌وه‌ی كه خۆمان خاوه‌نی خۆمان بین، به‌لام بۆبێگانه‌و دوژمنانمان به ره‌وای ده‌بینین، كه ئه‌م كرده‌وه خه‌راپه‌یه پێچه‌وانه‌ی كرده‌وه‌ی هه‌موو میلله‌تانی تره ، میلله‌تانی ترمان بینی چۆن دینیشیان بۆ خۆیان ویست و كردیان به هۆكاری بوونی ئه‌و وه‌لاته به هێزانه‌یان، ئێمه‌ش دینمان كرده هۆكاری دواكه‌وتن و دور كه‌وتنه‌وه له هه‌موو مافێكی ژیان و سودمان وه‌ر نه‌گرت و كه‌وتینه ژێر چه‌پۆكی دوژمنان، ئه‌م هه‌سته پر له قرێژ و پێسه له ناو دل و ده‌روونی گه‌لێ ته‌نانه‌ت له ده‌روونی گه‌لێ له كه‌سایه‌تیه‌كانیشمان دائافه‌ریده‌یه‌و له ده‌روونی گه‌لێ له خه‌لكی ساده‌و ساویلكه‌و به ناو رۆشه‌نبیریش دا خولقاوه‌و دوژمنان به گه‌وره‌ترو خاوه‌ن ماف ترو سه‌رووه‌ر ده‌زانن هه‌ر بۆیه‌شه كه ده‌بینین كه ئه‌مرۆش داگیركه‌ری ملهورو درنده‌كان وه‌ك هاكارو رامانی دیرینه‌ی كۆنی دلی ره‌شی خۆیان ئه‌م كرده‌وانه‌ی كوردی نه‌زان سود لێ وه‌رده‌گرن ترۆریستانه دیسانه‌كه دێنه‌وه‌گیانامن ، ئه‌مه‌ش بۆ له ناو بردنمان و پێشێل كردنی هه‌موو مافێكی مرۆڤایه‌تی دا ، له روانگه‌ی گلاوی خۆیانه‌وه دوژمنانه رووماں تێ ده‌كه‌ن وله هاوكاری و ساده‌یی و خۆ به كه‌متر زانینی ئێمه‌و نه‌زانین خۆمان به‌رامبه‌ر به‌و درندانه خه‌راپه‌یه‌كاریمان به سه‌ردا ده‌سه‌پێنن، هه‌رچی كه له ده‌ستیان هاتبێ بێتن دژ به ئێمه‌ی كورد ئه‌نجامیان داوه و سه‌دان ساله له ناو مال و حالی خۆمان دا ترۆرمان ده‌كه‌ن و له ناومان ده‌به‌ن به هه‌زارانمان له ناو ده‌به‌ن و گه‌لێ له ئێمه‌ش شاده‌یان پێ دێنین و وایان لێ ده‌كه‌ین كه هه‌میشه ئاماده بن زۆر به هاسانی خه‌نجه‌ره ژه‌هراویه‌كانیان داوه‌شێنن و له پشته‌وه‌راكاریگه‌رانه لێمان ده‌ن و توش به كاره‌سات و نه‌هامه‌تیه‌كانمان بكه‌نه‌وه .

ئەگەر گەلی کورد یەك دل و یەك پارچە بێن بەرامبەر بە دوژمنان و بە یەك ڕەنگ و دەنگەوە کوردستانمان لە هەموو شتێ لا گەورەتر بێن و خۆشمان بوێ، ئەو کاتە هەرگیز ئەو داگیرکەرە ملهوڕانە بەم شێوەیە چاوی تەماعیان بۆ لە ناو بردن و نەمانی گەلی کورد نابڕنە کوردستانەوە ، من پێم وایە کە ئێستاش هۆکاری هەرە مەزن بۆ هەموو گێرو گرفت و سەرکەوتنی هەڕەشەی لە ناو چونمان تەنیاو تەنیا یەك نەگرتن و چال بۆ یەك هەلکەندنە ، ئەمرۆ گەلی کورد لە هەموو سات و کاتێك دا زیاتر پێویستی بە یەك هەستی و پاکی و یەکگرتنی سەرتاسەریەو دەبێ بەکردەوە بسەپێندرێن، ئەوانەی کە بە خەیالیش بیر لە هیچ و پوچی و دژایەتی خۆیی دەکەنەوە دەبێ بۆ هەمیشە نەفرین بکرێن و لە ناو دیرۆکی کوردو کوردستان دا بۆهەتا هەتایە ڕوویان ڕەش بکرێت و ئەویش وەك داگیرکەرە دڕندەکان ناوی گلاویان بخرێتە زبلدانی مێژووە ، کە پێشم وایە هەموو ئەوانەی کە لە بنەوە ڕا چال بۆ گەل و نیشتمانیان لە پێناو هەستی تایبەتی و تەسکی خۆیان و حزبەکانیانەوە دەست بۆ ئەو هەنگاوە کەسیفانە دەبەن و ئاوا بەم شێوەو کردار و ئەو بۆ چوونە هەلانەیان ڕووی خۆیان ڕەش دەکەن و دوژمنایەتی گەلی کورد دەکەن تەنیا سەرشۆڕیان بۆ دەمینێتەوە و لە دوایش سەرکەوتن هەر بۆ دلسۆزانی کوردو کوردستانە .

هەروەك لە کۆنەوە کە داگیرکەران نیازیان لە ناو بردنی گەلی کورد بووە ئەمڕۆش هەر بەو شێوەیەوە ئەم نیازە گلاوەیان بە کار دێنن و ئەگەر بۆیان بلوێن دارو نەدارمان لێ زەوت دەکەن و سەدان کارەساتی زۆر گەورەتری دیرۆکمان بۆ زیندوو دەکەنەوەو کوردستانمان خاپورتر دەکەن و نایەلن کە ئاسودە بژین .

بەلام ئەگەر کورد یەك بگرێن هەروەك دەلێن :ئەگەر برا لە پشت برا بێ مەگەر قەزا لای خوا بێت، بەلام ئەگەر بە پێچەوانەوە بێن ئەوا دوا ڕۆژێکی ڕەشمان لە پێشەو هەموو لە هەموو بە یەکەوە دەکەوینەوە ناو چالی مەرگستانی دوژمنانی داگیرکەرەوە و جا نە کوردستان سەر دەکەوێ و نە گەلی کورد بە تێکڕایی دەحەسێتەوە .

## کوردینە وەرن

کوردینە وەرن هـــــــــەموو پێکەوە — بمرین لە ڕێگـــــــەی خاکی کوردەوە
کوردستان هەست و دل و گیانمان بێ — سەر بەخۆیی کورد هیوای دلمان بێ
یەك گرین هەموو بۆ نیشـــــــتمانمان — نەفرین کەین لە ڕووی خڕ نەیارانمـــان
تەنیـــــا یەکگرتن سەربەرزی ژیانە — هێمای ڕزگاری گشت کوردســـتانە
پێکەوە بلێین بژی کوردســــــــــتان — بمرن نەیارو دوژمن پەرســـــــــتان
پێکەوە هەموو داگیرکەر قــاو دەین — دەستی تەماعیان لە خاکمان ڕادەین
ئەوسا ئازادو سەر بەخۆ و شـادان — دەژین هەمومان سەربەرزوخەندان

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣